# چەمکی شۆڕش و پرسی «مۆدێرن»

[سەرنجدانێک لە خێرایی و مێژووی شۆڕش]



**ئۆلیڤەر و. هۆڵمز**

و. وریا ئەحمەد

**ئاماژەیەک**:

چی ڕوویدا بەم جۆرە لەپڕێکدا "خێرایی" بوو بە تایتڵی بەرجەستەی ئەم چاخە؟ ماهیەتی ئەو ڕووداوە چی بوو کە مانای چەمکی "شۆڕش"ی سەرنگونکرد و گۆڕانی ڕیشەیی بەسەردا هێنا؟ چ قەڵەمبازێک بوو "زەمەن" و "مێژوو"ی لە خاوی و جووڵەی کیسەڵئاسا قوتارکرد و تین و تاو و خێرایی پێبەخشی؟ داخۆ ئەم خێرایی و هەڵپەیە لەم چاخەدا بەو ڕادەیە شۆکهێنەرن کە فەیلەسوفێکی هەڵاسازی وەک سلاڤۆی ژیژەک لەبارەیەوە بڵێت "فریای ئەوە ناکەوین لێکدانەوەی فەلسەفی بۆ ڕووداوەکان بکەین"؟! داخۆ جووڵەی زەمەن و ڕووداوەکان لەقۆناغی پێشمۆدێرنەدا هێندە خاو و کیسەڵییانە بوون کە دانیال دێنیت دەڵێت "فەیلەسوفێک دەیتوانی بەدەم باوێشکدانەوە لەگوندێکدا پاڵبکەوێت و فریای تەفسیر و لێکدانەوەی هەموو شتێک بکەوێت"؟ لەئێستای پاش مۆدێرنەدا پێدەچێت شتەکان لەدەست ترازابن و خێرایی ڕووداوەکان و تین و تاوی پڕ لەهەڵپەی دونیای ئەمڕۆ خۆیان لەدەست تەفسیری فەلسەفی ڕاپسکاندبێت. یۆڤال نوح هەراری دەڵێت "داهێنەر و زانا و بزنسمانە هەڵپەکارەکان و بازاڕەکانی بۆرسە و دراو چاوەڕێی ئەوە ناکەن فەیلەسوفێک لەبورجی عاجی خۆیەوە ئەرگۆمێنتی ئەخلاقی بۆ لێکەوتەکانی تەکنەلۆژیا ڕیزبکات، ئەوان بە پڕتاو و بەخێرایی بایی ملیاران دۆلار داهێنان دەخەنە بازاڕەکانەوە". ئەوە بەتەنیا گەشەی بازاڕ، زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان، بەرهەمهێنانی کاڵا و داهێنانە زانستییەکان نین خێراتر و پڕ تین و تاوتر بوون، بەتەنها مەجرای ڕووداوەکان خێرانین، تۆ بەتەنیا لەجیهانێکی خێرادا ناژیت کە هێندەی کلیکێک لەشتەکانەوە دووربیت و خواردنی خێرا و هۆکاری گواستنەوەی خێرا و شمەکی سەفەری خێرا بەکاربهێنیت، بەڵکو کۆی پەیوەندییە سۆزداری و ئەزموونە دەروونییەکانی تۆش خێرا و سەفەری و ئاڵۆز بوونەتەوە. بەخێرایی سۆزەکانت سەرفدەکەیت، سەفەرییانە و بەخێرایی تووڕەیی، عەشق، هاوڕێیەتی، فیکر و لایەنگریی خۆت لەفەزای مەجازیدا سەرفدەکەیت و وەک کولە، نەوەک قالۆنجەکەی کافکا، هەرجارەو لەبژاردەیەکەوە بەخێرایی بازدەدەیتە سەربژاردەیەکی تر. هەنووکە لەجیهانی پاش مۆدێرنەدا، "گوڕخوازی" و "هەڵپەگەرایی" چەشنی ئایدۆلۆژیایەک لەکاردان و هەوادار و تیۆریست و بیرمەندی خۆیانیان هەیە. بیرمەندێکی هەڵپەگەرای وەک ستیڤ گۆدمان دێژێت "خێرایی تاقانە ڕۆژەڤی پەڕینەوەیە بەرەو ئایندە و پێویستە تین و تاوی زیاتری پێبدرێت. گەشەی ئالگۆریتمەکان و پەرەسەندنی خێرای سمارتفۆنەکان و پێشکەوتنی خێرای هۆشی دەستکرد، دەبێت خێراتر

بکرێنەوە!!". ستیڤ گۆدمان هیچکات ئەوەی بۆ گرنگ نیە ئەم هەموو ئۆپشن و بژاردانە کە بەخێرایی گەشەدەکەن، نەوەک تا بینەقاقا کاتەکانی مرۆڤیان قەپاتکردووە، بەڵکو مرۆڤ ناچارە خەو و پشووی شەوان لە خۆی حەرام بکات تا فریای بەکارهێنانیان بکەوێت. گۆڕخواز و هەڵپەگەرای ئەمریکی ستیڤن چاڤیرۆ لە کتێبی "خێرایی بەبێ سنور" کە لەساڵی ٢٠١٥ بڵاوی کردەوە، دبێژێت "پێتان خۆش بێت یان نا، هەنوکە هەمووومان هەڵپەکار و گۆڕخوازین". وە نەبێت ئاگایی خێرایی لەم دواییانەدا سەریهەڵدابێت، بەڵکو هەر لەساتە یەکەمینەکانی پرۆسەی مۆدێرنە و ڕێک لەهەناوی شۆڕشی فەڕەنسی-دا ئاگایی لەبارەی پێویستی خێرایی و تین و تاو بەخشین بەڕووداوەکان سەرهەڵدەدات. لەساڵی ١٧٩٣ و لەناو ئەنجومەنی گەلدا، ڕۆبسپێر، ڕابەرە خوێنڕێژ و سەرکەشەکەی شۆڕش لەوتارێکدا دەڵێت "ئەم شۆڕشە بەرهەمی پێشکەوتنی عەقڵی مرۆڤە. بۆیە ئەرکی سەرشانی ئێوەیە بەلەز بن و خێرایی و تین تاوی زیاتر بە شۆڕش بدەن و ئازادییش هەر بەم جۆرە دەستەبەردەبێت". لەپێش مۆدێرنەدا و پێش ئەوەی چەمکی کات و چەمکی شۆڕش مۆدێرنیزە بکرێن، وا وێنا دەکرا کە گوایە زەمان(کات) جووڵەیەکی بەکاوەخۆ و کیسەڵئاسا و شێوە بازنەیی هەیە. یان بەواتایەکی تر مرۆڤ بەم جۆرە و لەژێر ڕۆشنایی تێگەیشتنی خۆی بۆ خولانەوەی تەنە ئاسمانیەکان، کات و زەمەن و جووڵەی ڕووداوەکانی وێنادەکرد. زەمەن لەناو مێژوودا بەسەر خۆیدا و لەناو خولگەی سوڕانەوەیەکی دووبارەبووەدا گیریخواردبوو. لە ئەفلاتونەوە تا بە جان پاتیستا ڤیگۆی باوکی مێژوونوسیی نوێ دەگات و لەڕوانگەی جۆن لۆک و تۆماس هۆبز و دەیڤید هیومیشدا، شۆڕش، ڕووداو و مێژوو، بەهێڵێکی ڕاست بۆ پێشەوە پەرەیان نەدەسەند! بەڵکو لەژێر جەبری یاسا گەردوونیەکاندا خەسڵەتی دەوەران و خولانەوە و دووبارەبوونەوە زاڵبوو بەسەریاندا. ڕووداو نەدەبووە هۆی بچڕان و دابڕان لەڕابردوو، شۆڕش بریتی نەبوو لەقەڵەمبازێک بۆ پێشەوە، بەڵکو ڕووداوەکان و شۆڕشەکان تەنها جووڵەیەک بوون و کە خاڵی دەسپێکیان دەبڕی، بەشێوازی بازنەیی دەخولانەوە و دووبارە دەهاتنەوە بۆ هەمان خاڵ و هەمان تاسوحەمامی ڕابردوویان دەبوژانەوە. جان باتیستا ڤیگۆ باوەڕی وابوو کەلتور و شارستانیەت بەرەو کامڵبوون زەمەن دەبڕێت، لێ دوچاری جەبری دەوەرانی کات دەبێت و هیچ کات ناگات بەپلەی کامڵی و سەرلەنوێ بۆ خاڵی دەسپێک دەگەڕێتەوە! کاتێک سەرنجی تیۆریزەکردنەکانی کەسانی وەک ئەفلاتون، تۆماس هۆبز، جۆن لۆک یان کەسانی وەک جان پاتیستا ڤیگۆ و بێنییە دێتۆکرۆچە دەدەیت، وێڕای ئەوەی باوەڕی ئەوان لەسەر جەبری خولانەوەیی زەمەن و داخرانی مێژوو بەناو خۆیدا و گیرخواردنی ڕووداوەکان لە بۆتەقەی گەڕانەوە بۆ ڕابردوودا، سەرنجت ڕادەکێشن، وێڕای ئەوەی بەئاشکرا شکۆمەندی ڕابردوو و نەزمگەرایی و ترس لە کایۆس لە هزریاندا دەبینیت،

هاوکات ئەوەش هەست پێدەکەیت کە لەدیدی ئەواندا ڕووداوەکان و جوڵانەوە کۆمەڵایەتییەکان و شۆڕشەکان بەئامانجی قەڵەمباز ڕووبەرەو ئایندە و خولقاندنی دونیایەکی نوێ ڕوونادەن، بەڵکو کۆی جووڵەکان هیچ نین جگە لە کایۆس و بێسەرەوبەرەییەکی مەودا کورت نەبێت کە وردەوردە ڕامدەکرێن و دووبارە شکۆی ڕابردوو دەگەڕێتەوە سەر تەختەی شانۆی ڕۆژگار. لەم ڕەهەندەوە بوو جۆن لۆک پێی وابوو خەڵکی بەجۆرێک ڕقیان لەوەیە دەستبەرداری ڕابردوو و شکۆی نەریتە داسەپاوەکان ببن، کە خودی ئەم ڕق و ترسە دواجار نەوەک هەر شۆڕش و جووڵانەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەخەسێنێت، بەڵکو سەرئەنجام هەمان سیستەمی کۆن زیندوودەکاتەوە و دەیسەپێنێت. هەر ئەم باوەڕە بە لۆژیکی دەوەران و بازنەییبوونی زەمەن، تۆماس هۆبزی خستبووە سەر ئەو باوەڕەی کە پێی وابێت لەغیابی پادشایەکی تاکڕەو و سیستەمێکی حوکمڕانی ستەمکار و داپڵۆسێندا، هەرەج و مەرەج و ئاژاوەگێڕی و جەنگی هەموان دژبە هەموان دەستپێدەکات. بۆیە هۆبز پێیوابوو ڕووداوەکان و ئاژاوە و شۆڕشەکان چەندی بخایەنن، دواجار خودی خەڵکی ڕووبەرەو هێنانەوەی پادشای ستەمکار و سیستەمی پۆڵاین دەگەڕێنەوە، بۆ ئەوەی لە هەرەج و مەرەج ڕزگاریان ببێت. چەمکاندنی زەمەنی مێژوویی بەم لۆژیکە و پێدانی خەسڵەتی خولانەوەی بازنەیی بە ڕووداوەکان و ئەم فۆرمە لەهزرین، هۆکار بوو بۆ ئەوەی لەهەموو ململانییەکاندا دەست بە ڕابردووەوە بگیرێت و هەر کەسێکی شۆرشگێڕیش بە یاخی و لەیاسادەرچوو هەژماربکرێت. هەر ئەم تایپە لە وێناکردنی مرۆڤ بۆ مێژوو و زەمەن، لەدیدی دانیال دێنتدا زەمینەی ئەوەیان ڕەخساندبوو ڕووداوەکان شتێکی نوێ نەبن و هەموو شتەکان دووبارە و جۆرە خولانەوەیەک بن بەدەوری خۆیاندا. بۆیە دانیال دێنیت پێی وابوو جیهانی پێش مۆدێرن هێندە خاو و دووبارە بوو، فەیلەسوفێک لە گوندێک پاڵیدەدایەوە و لێکدانەوەی بۆ زەمین و زەمان و ئاسمان دەکرد! بەمانا مارکسی/فیورباخییەکەی ئەم لنگاوقوچکردنەوەیەی وێنەی جیهان و مێژوو، ئەوەی جیهان و مێژوو لەواقیعدا شتێکی تر بوون و ئەوەی مرۆڤی پێشمۆدێرن چۆن وێنای دەکردن شتێکی تر بوو، خۆی لەخۆیدا کاریگەریی گەورەی لەسەر ڕەوتی ژیان و خاوی زەمەن و جولەی کیسەڵئاسای ڕەوتی ڕووداوەکان بەجێهێشت. ئاخر وەک یۆڤاڵ نوح هەراری دەیگوت، مرۆڤی تایپی هۆمۆساپێنس هێزی لەودایە دەتوانێت وەهم بخولقێنێت و باوەڕ بەو وەهمەش بکات و جەنگی گەورەی لەپێناودا سەرپێخات. مرۆڤی پێشمۆدێرن، بەوەهمەکانی خۆی حەقیقەتی جیهانی ئینکارکرد و خەیاڵی خۆی بۆ جیهان کرد بە وێنای حەقیقەتی جیهان. سەرئەنجام جیهانی پێشمۆدێرن پڕ بوو لەخوداکان و هێزە میتافیزیکی و گەردونیەکان، وەک جان پابتیستا ڤیگۆ پێیوابوو مەشییەت و ئیرادەی خودا مێژوو ئاڕاستە دەکات. بۆیە

دواجار مرۆڤ خۆی ڕۆڵێکی ئەوتۆی بۆ نەمابوو، بگرە وەک کائینێکی دەستوپێ سپی وێنای خۆی دەکرد کە چاوی لەئاسمان و لەفەریاد ڕەسێک بوو. لەپڕدا یاسای یارییەکان گۆڕدران. مۆدێرنیتە دەستکارییەکی گەورەی ڕوانگەی مرۆڤی کرد. شۆڕشە زانستیەکان و شۆڕشی تەکنەلۆژیا و شۆڕشی گەورەی فەڕەنسا، ڕاپسکان و بچڕان و دادڕینێکیان لەمێژوودا خوڵقاند. لەملپەڕاندنی پادشا و پەلاماردنانی دەسڵاتی پاپا لەشۆڕشی فەڕەنسیەوە تا بە چەمکی "تێپەڕاندن" و گوزارەی "خودا مرد"ی نیتچە، ئەو زەمینلەرزە بەرینە بوون کە ئاگایی مرۆڤیان دادڕی. لەپڕدا مرۆڤی پاش مۆدێرن تێگەیشت کە خۆی تاقانە ڕۆڵگێری سەرەکییە لەمێژوودا و خوداکان و هێزە نادیارەکان ڕستێک وێنای خەیاڵی ناو سەری خۆی بوون. لێرەوە و بەتایبەت لەسیاقی شۆڕشی گەورەی فەڕەنساوە، چەمکی شۆڕش گۆڕانی ڕیشەیی بەسەرا هات. گەر پێشتر چەمکی شۆڕش بەواتای (گەڕانەوە، خولانەوە و وەرچەرخان بەرەو دواوە و بەرەو خاڵی دەستپێک ) هاتبێت و کۆپەرنیکۆس ئەم چەمکەی لەبۆ وەسفی جوڵەی زەوی و جوڵەی بازنەیی هەسارە و ئەستێرەکان بەکار بردبێت و دواجار فەیلەسوفانی سەدەی حەڤدە ئەم چەمکەیان بەهەمان ماناوە بۆ وەسفی ڕووداوەکانی ساڵی ١٦٦٠ای بەریتانیا بەکاربردبێت، ئەوا لەپاش شۆڕشی گەورەی فەڕەنسا چەمکی شۆڕش لەم سیاق و مانایە دادەماڵدرێت و مۆدێرنیزە دەکرێت و بەواتای سەرنگونکردنی ئێستا و وێرانکردنی ڕابردوو و خێراترکردنی ڕووداوەکان نەوەک کۆنترۆڵکردنیان، لەپێناو ڕیسکی گەیشتن بە ئایندەیەکی زێڕین. لەساڵی ١٦٦٠ خانەدانی ستیوارتییەکان دوای ئەوەی لەساڵی ١٦٤٨ لە حوکم دوورخرابوونەوە، هاتنەوە سەر حوکمی پادشایەتی و بیرمەندانی ئەو کات ئەم گەڕانەوەیەی ئەستێرەی بەختی پادشایەتییان بە شۆڕش وەسفکرد. لێ لەپاش شۆڕشی گەورەی فەڕەنسا چیتر گەڕانەوە و خولانەوە و جووڵەی بازنەیی زەمەن لەکارخران، خێرایی و پەلەکردن و تین و تاو بوون بە خەسڵەتی شۆڕش، شۆڕشێک کە ملنانی پڕ لە ڕیسکی مرۆڤ بوو بەرەو ئایندەیەک کە ئازادی و مافی تیا دەستەبەربن. (**وەرگێڕ**).

***

شۆڕشی فەڕەنسی چەمکی مۆدێرنی "شۆڕش"ی ڕوونکردەوە. ئەم چەمکە بەشێک بوو لە تایبەتمەندییەکانی فیکری ئەوروپایی لەپاش سەدەی هەژدەیەم. تاوەکو پێش سەدەی هەژدە، لەبۆ تەفسیرکردن و گێڕانەوەی ڕووداوە مێژووییەکان، بەزۆری سود لە دوو

گوتاری سرووشتی لەپەیوەندیدا بە زەمەنی مێژووییەوە دەبینرا. یەکیان بریتیبوو لە سوڕانەوەی تەنە ئاسمانییەکان (ئەستێرە و هەسارەکان) و ئەویتریان بریتیبوو لە ڕەچەتەی بەدوای یەکدا هاتنی سرووشتییانەی فەرمانڕەواکان و خانەدانەکان، یان زنجیرەی فەرمانڕەوایی پادشاکان (سیستەمی حوکمڕانی پشتاوپشت). دەرکەوتنی کات-ێک بەتەنیا پەیوەست بێت بەڕەوتی مێژووەوە و لەهەر جۆرە هەیمەنەیەکی تەفسیری سرووشتی یان گەردووناسیانە داماڵدراوبێت، بەرهەمی تێڕامانێکی فەلسەفی بوو لەو تایبەتمەندی و خەسڵەتانەی کە زەمان و **کاتی** مێژوویی پێ جیا دەکرێتەوە. ئەزموونی شۆڕشی ساڵی ١٧٨٩، بووبە بنەمای ئەم تێڕامانە فەلسەفییە. لە دەمی شۆڕشی فەڕەنسا بەدواوە، وا دەهاتە پێش چاو کە ئەزموونی خێرایی و تاوسەندنی جووڵەی زەمەنی مێژوویی، پێش هەموو ئەزموونەکانی جاران کەوتبێت. (بەواتایەکی تر، زەمەن و کاتی مێژوویی لە سیاقی تەفسیرە کلاسیکییەکاندا و تەنانەت لەسیاقی تەفسیرەکانی هۆبز و هیوم لەسەدەی حەڤدەدا، سرووشتێکی خاو و بەکاوەخۆی هەبوو کە لەژێر جەبری خولانەوە لەبازنەدا گیریخواردبوو، هاوکات شۆڕش لەسیاقی ئەم کاتە بازنەییەدا بەواتای هەڵگەڕانەوە و وەڕسوڕان و هاتنەوە بوو بۆ خاڵی دەستپێک. لەکاتێکدا کات لەسیاقی تەفسیری مۆدێرندا، دەبێتە هەڵگری سرووشتی خێرایی و هاوکات تین و تاو و هەڵپەی قەڵەمبازانە بۆ پێشەوە وەک خەسڵەت بەخۆوە دەگرێت، شۆڕش لەسیاقی ئەم کاتەدا، بەواتای سەرنگونکردنی واقیعی ئێستا و ڕابردوو و وێرانکردنی خاڵی دەستپێک و بەلەز ڕۆیشتن بەرەو ئایندە دێت. لەپاش شۆڕشی فەڕەنسا کات و بەتایبەت ڕووداوەکان خێرا و بەگڕوتین دەبن و سەرئەنجام تەفسیری مۆدێرنانەی کات باڵادەست دەبێت. و.). چەمکی "شۆڕش" بەدرێژایی مێژوو مانا و دەلالەتی جیاجیای لەخۆگرتووە. ماوەیەک و بەتایبەت لەسەدەی حەڤدە، هەم بەمانای ناسەقامگیریی دۆخی کۆمەڵایەتی یان شەڕی ناوخۆیی دەهات و هەم بەمانای گۆڕانکاریی دوورمەودا لەقاڵبی ڕاستینە و واقیعیەتی ڕۆژانەدا دەهات. لەڕاستیدا ئەم چەمکە قەڵەمڕەوێکی واتایی بەرینی دەگرتەوە. لەلایەکەوە واتای یاخیبوون و سەرهەڵدانە خوێناوییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی لەخۆدەگرت. لەلایەکی تریشەوە ئاماژە بوو بۆ ئەو دۆزینەوە و دەستکەوتە زانستییانەی بەهۆی نوێگەرییەوە لەکایەی زاستییدا دەستەبەر بووبوون. ڕوونتر بدوێین، چەمکی شۆڕش هێما و ئاماژە بوو لەبۆ دۆزینەوە زانستییەکانی کۆپەرنیکۆس و هەم ئاماژە بوو بۆ ئەو بارگۆڕانە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی لەسەدەی حەڤدە لە بەریتانیای گەورە سەریانهەڵدا. لێ هێشتا لەهەردوو بارەکەدا ئەم چەمکە هەر بەمانای گەڕانەوە و خولانەوەی بازنەیی کات و ڕووداوەکان دەهات. هاوکات و سەرباری ئەمانە، چەمکی شۆڕش لەکۆتا مانای خۆیدا و لە سیاقی مۆدێرندا هێما و ئاماژەیەکی کۆنکرێتییە بۆ تێگەیشتنی ئێمە لە پرۆسەی

مۆدێرنە. کەواتە لەم وتارەدا هەوڵدەدەین بەدوای میراتی ئەم چەمکە لەپێش و لەسەروەختی قۆناغە سەرەتاییەکانی شۆڕشی فەڕەنسادا بڕۆین و بەو ئەمانجەی سەرنجبدەین داخۆ ئەو تایبەتمەندییانە چین کەوا ئەم چەمکە مۆدێرنیزە دەکەن. چەمکی شۆڕش ڕیشەیەکی لاتینیی هەیە و دوو مانای گشتی و گرنگ لەخۆدەگرێت. ئەوانیش بریتین لە:

یەکەم/ گۆڕانکارییەک کە لە جووڵە و جێگۆڕکێی شتێک یان تەنێکەوە بەبار هاتبێت. دووەم/ جوڵەی شتێک یان تەنێک کە بۆ سەرچاوەکەی خۆی و خاڵی دەستپێک بگەڕێتەوە. لەماوەی سەدەی شانزەدا، چەمکی شۆڕش ڕەواج و کارابیەکی گشتیی پەیداکرد، بەتایبەت لەبۆ وەسف و ڕوونکردنەوەی جووڵەی تەنە ئاسمانییەکان زۆر بەکاردەبرا. ئەودەم کۆپەرنیکۆس تیۆر و گریمانە زانستییەکانی خۆی بڵاوکردەوە و خشتەی پێوان و ئەندازەگرتنی جووڵەی ئەستێرە و هەسارەکانی شیکارکرد و دواتر لە قاڵبی نوسراوێک-دا بەناونیشانی "شۆڕشە گەردوونییەکان" کە لەساڵی ١٥٤٣ بڵاوی کردەوە، پەرەیپێدا. دوا بەدوای ئەمە چەمکی (شۆڕش :revolution - خولانەوە، گەڕان، سوڕانەوە) گۆڕدرا بۆ چەمکێکی تەکنیکی لەبواری ئەستێرەناسی و گەردونناسی-دا و لەبۆ وەسفی سوڕانەوەی زەوی هەم بەدەوری خولگەی خۆی و هەم بەدەوری خولگەی خۆر و هاوکات بۆ وەسفی جووڵەی تەنە گۆییەکانی ئاسمان و مەودا و دووریی کات لەنێوانیاندا بەکاربرا. دواجار کارکرد و کارایی ئەم چەمکە لە لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی جووڵەی بازنەیی تەنە ئاسمانییەکانەوە پەرەیسەند و پەڕییەوە بۆ ناو بوارەکانی تر و جووڵە و بزاڤە سیاسییەکانیشی گرتەوە. بۆچی لێکچواندنی جووڵەی نوێی ئەستێرەکان بە چالاکی و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لەسەراپای سەدەی شانزە، بووە شتێکی باو و بەربڵاو؟ گوایە جووڵەی سرووشتیی لەگەردوون-دا ڕەنگڕێژی جووڵەی هاوشێوە دەکات لەسەر ڕووی زەوی. بەواتایەکی تر، هێشتا عەقڵیەتی مرۆڤ لەسەدەی شانزە و بگرە سەدەی حەڤدەشدا، عەقڵیەتێک بوو ئەفسون و جادووی ئاسمان و جووڵەی هەسارە و ئەستێرەکان بەرینەدابوو، بەجۆرێک ئەم زەینە نەیدەتوانی باوەڕ بەوە بکات بزاڤی تەنەکان لەبۆشایی ئاسماندا کار لە واقیعیاتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان ناکەن. بۆیە بەختگرتنەوە/بورج خوێندنەوەی ڕۆژگاری دێرین لەگەڵ ئەستێرەناسیی نوێدا تێکەڵکران و وەک هەوێنێکی مەعریفی لەبۆ تەفسیری ڕووداوەکان بەکاربران. بەم جۆرە چەمکی "شۆڕش" کە هەم بەواتای جووڵە دەهات هەم بەمانای گەڕانەوەش بۆ خاڵی دەستپێک، بووبە چەمکێکی یەکجار گونجاو کە دەکرا وەک یەکێک لەو چەمکە سیاسییانە بەکاربهێنرێت کە پەیوەستن بە پرسی گۆڕینی حکومەت، یان ئەو جۆرە باوەڕەی پێ لێکبدرێتەوە کە گۆڕان و جۆرە گەشەیەکی جەبرگەرایانە و بازنەئاسای سیاسی بەبنەما

دەگرێت. دەستەواژەی شۆڕش بەکاوەخۆ فۆرمی بە چەمکە بنەڕەتییەکانی ناو پانتایی زمانی سیاسی سەدەی حەڤدە بەخشی، بەتایبەت لەسیاقی توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی پرەنسیپە دەزگاییەکانی شۆڕشی پیوریتانییەکان (پاکدینەکانی بەریتانیا - پەڕلەمانخوازەکان) لەساڵی ١٦٤٨() و شۆڕشی شکۆمەندیی ١٦٨٨ وەک دەستەواژەیەک لە پرۆسەی چەمکاندن و لێکدانەوەدا ڕۆڵی گێڕا. لەبۆ هەندێک لە تیۆریستەکان، یاخی بوونە سیاسیەکان ڕەنگدانەوەی زنجیرەیەک جووڵە و بزوتنی گەردونیین! گواستنەوەی ئەم چەمکە لە دونیای ئەستێرەناسییەوە بۆ ناو کایەی سیاسەت لە بەرهەمەکانی ئیدوارد هێید و کۆنت کلۆردن-دا بەرچاو دەکەوێت. کلۆردن لەکتێبی (مێژووی یاخیبوون و جەنگە ناوخۆییەکان لە ئینگلاند) ئاماژەی بۆ چەند هێز و دینامیکیەتێک کرد کە بە ژێرخانی ئەم ڕووداوانەی ساڵی ١٦٦٠ هەژماری دەکردن. کلۆردن ئەم هێز و بزاڤانە بە داینەمۆی "جوڵەی ئەم بیست ساڵەی دوای - بیست ساڵی تەمەنی جەنگە ناوخۆییەکانی بەریتانیا" ناودێردەکات کە گوایە "لەئەنجامی کاریگەری و هەیمەنەی بەڵائاسای ئەستێرەی ئەهریمەنی-بەختی شووم-"ەوە سەرچاوەیان گرتووە! گەرچی کلۆردن ئەو "ئەستێرە ئەهریمەنییە" یان "بەختی شووم"ەی بە هۆکاری ئاژاوە و بەڵای ئەو بیست ساڵە دەزانی، لێ پەسنی ئەو بەڵایەی دەدا و وەک پرۆسەی دووبارە گێڕانەوە و وەرگرتنەوەی دەسەڵات هەژماری دەکرد. ئەمەش پاش ئەوەی ستیوارتییەکان (خانەدانی پادشایەتی چارلسی یەکەم و چارلسی دووەمی کوڕی) جارێکی تر بۆ سەر کورسیی دەسەڵات گەڕانەوە، کلۆردن ئەم جۆرە هەڵهێنجاندنانەی کرد و ئەم گەڕانەوەیەی وەک شۆڕش لێکدایەوە، شۆڕشێک کە ئاکامەکەی خێر بووە. تۆماس هۆبزیش لەڕووداوە مێژووییەکان-دا پاڵپشتی لەبۆ تیۆرەی خولانەوەی بازنەیی و دۆنادۆنی دەسەڵات-ی نوسەرە کلاسیکییەکان دۆزییەوە، بەوەی بەدیدی خۆی سەرنجی دۆخی دەوەران و سوڕانەوەی ڕووداوەکانی سەدەی حەڤدەی بەریتانیای دا و لەکەوتنی خانەدانی پادشایەتیی ستیوارتیەکانەوە تا دووبارە هاتنەوە سەر حوکمی هەمان خانەدان، ئەرگۆمێنتی واقیعی بۆ تیۆری خولانەوەیی کات دۆزییەوە.

هۆبز لە کتێبی "مشتومڕێک دەربارەی شەڕی لەیادنەکراوی ناوخۆ" دەڵێت: "من لەم شۆڕش و هەرایەدا بینەری جووڵەی بازنەیی و وەڕسوڕان و دەوەران دەوری دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی بووم، دەسەڵات لەدەستی دوو هەلپەرستەوە کە باوک و کوڕ بوون بەناوی (ئۆلیڤەر کرۆمۆڵ و ڕیچارد کرۆمۆڵ) گەڕایەوە بۆ دەستی چارلسی دووەمی کوڕی چارلسی یەکەمی پادشای شەرعی و کۆچکردووی وڵات... چونکە دەسەڵاتی چارڵسی یەکەم (پاش کوژرانی) بۆ ئەنجومەنی پیاوماقوڵانی ناو پەڕلەمان گواسترایەوە (کە لە ١٦٤٠ تا ١٦٦٠ درێژەی بە کارەکانی دا) و دواتر لەم پەڕلەمانەوە دەسەڵات کەوتە دەست ئەنجومەنی

گشتیی پەڕلەمان و لەمەوە بۆ ئۆلیڤەر کرۆمۆڵ و لەئۆلیڤەر کرۆمۆڵەوە دەسەڵات بۆ ڕیچارد کرۆمۆڵی کوڕی گواسترایەوە و لەمەوە دەسەڵات کەوتەوە دەست ئەنجومەنی پیاوماقووڵانی ناو پەرلەمان و دواجار لێرەوە دەسەڵات بۆ چارلسی دووەم (خانەدانی ستیوارتییەکان )کە دەسەڵاتی ئەم زۆری خایاند، گەڕایەوە". هۆبز، پرسی خولانەوە و دەوەرانی بازنەیی دەسەڵاتی وەک یەکێک لە ڕەهەندە زاتی و خودییەکانی "شۆڕش" بەبنەماگرت و لێرەوە زەمینەی بەرچاوڕوونییەکی زیاتری ڕەخساند لەبۆ بینینی نمونەی هاوشێوەی ئەم جۆرە بەکاربردنانەی چەمکی شۆڕش لەناو کاری تیۆریستە کلاسیکییەکان-دا. یان گەر دەقیقتر قسە بکەین، ئەم لێکدانەوەیەی تۆماس هۆبز بۆ ڕووداوەکان و ئەوەی کە خەسڵەتی جەبرییانەی خولانەوە و دەورانکردنی *کات*ی دایە پاڵ شۆڕش، هێڵێکی فیکری بەبارهێنا لەنێوان تیۆریزەکردنی فەلسەفییانەی سەدەی حەڤدە و تیۆریزەکردنی فەلسەیيانەی فەیلەسوفە کلاسیکییەکان، کە ئەمانیش هەمان تیۆرەی خولانەوە و وەرسوڕانی کات پەسەنددەکەن. بۆ نمونە ئەفلاتوون لەکتێبی (تیماخۆس)دا کۆمەڵێک تێز و قسەی هاوشێوە دەخاتەڕوو، ئەمەش بەجۆرێک لەجۆرەکان دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کەوا تیۆریستەکانی سەدەی حەڤدە لەپەیوەندیدا بە جووڵەی ئەستێرە و تەنە ئاسمانییەکانەوە، بەڕادەیەکی زۆر لاسایی ئەفلاتوونیانیان کردووەتەوە : "یەک مانگ، ئەو ماوە زەمەنییەیە تێیدا مانگ خولگەی بازنەیی خۆی بە تەواوەتی تەیدەکات و لەکۆتاییدا کامڵدەبێت و دەگات بە خۆر. ساڵێک ئەو ماوەیەیە تێیدا خۆر یەکجار خولگەی بازنەیی خۆی تەیدەکات و بۆ هەمان خاڵی دەستپێک دەگەڕێتەوە. مرۆڤەکان، کەمینەیەکیان نەبێت، گرنگییان بە خولانەوەی تەنەکانی دیکەی ئاسمان نەداوە. گریمانەی ئەوە لەئارادایە دەشێت تەواوی ئەو ژمارانەی لەژماردنی کاتدا بەکاردێن، یەک ساڵی کامڵ پێکبێنن و کۆتایی ئەم ساڵەش بریتییە لەو چرکەساتەی هەر هەشت ئەستێرەکە پێکەوە ماوەی خولانەوەکەیان کۆتایی پێهێنابێت و جارێکی تر بۆ خاڵی دەستپێک گەڕابێتنەوە. کۆی ئەمانەش دەکاتە ماوەی خولانەوەیەکی تەواو و هەردەم ئەم ماوەیەش بە یەکسانی و بێ زیاد و کەم تەیدەکرێت. پوختەی قسە، هەموو ئەو ئەستێرانەی بۆشایی ئاسمان تەیدەکەن، بە مەبەستی ئەوە ئەفرێنراون تاوەکو هەرچیی زیاتر لێکچوونی نێوان ئەم جیهانە زیندووە و جیهانی نمونەیی، کە تەنیا لەرێگەی عەقڵەوە درکدەکرێت، زیاتر بکەن".

ئەم مۆدێلە لە بەکاربردنی چەمکی "شۆڕش"، بەجۆرێک لەجۆرەکان لەبۆ ڕووداوە مێژووییەکانی ساڵی ١٦٨٨-یش دەگونجێت. "ئەستێرەناسیی نوێ" و "سیاسەتی نوێ" یەک دەگرن. جۆن لۆک، ماهییەتی دەورانی و خولاوەیی چەمکی "شۆڕش"ی لەقاڵبی "نامەی دووەمی حکومەتی مەدەنی"دا دەربڕی، ئەویش کاتێک دبێژێت: "هێواشی و خاووخلیچکی و ترسی خەڵکی لەوەی بتوانن دەستوبردانە دەستبەرداری یاسا و دەستورە

کۆنەکان ببن لەناو مەجرای زۆرێک لەڕووداوە مێژووییەکاندا، کە لەم سیستەمە پادشایەتییەی ئێستا و سیستەمەکانی دەورانی ڕابوردوو هەستی پێدەکرێت، هۆکارە تا لەپاش وچانێک لەدوای هەوڵ و کۆششێکی بێ بەر و بێ ئەنجام، هێشتا بمانگەڕێنێتەوە بۆ دەسەڵاتی پادشایەتیی سنورداری جارانی شا و نەجیبزادە و ڕەعییەت". واتە لەدیدی لۆک-دا خاویی تێپەڕینی کات و ترسی خەڵکی لەوەی لە بونیادە یاسایی و نەریتییە کۆنەکان دابپڕدرێن، هۆکارە بۆ ئەوەی هەم ڕووداوەکان بێ ئاکام بن و هەم مەجرای ڕووداوەکان خولگەیی ببێتەوە و بۆ خاڵی سفر بگەڕێتەوە. لەساڵی ١٦٩٤، فەرهەنگی زانستی زمانەوانیی فەڕەنسا، مانای یەکەمی دەستەواژەی شۆڕشی بە "شۆڕش"ی هەسارەکان واتاکردەوە. ئەم جۆرە واتاکردنەوەیە، خۆی لەخۆیدا ئاماژەیەک بوو بۆ ڕەوشی ئاسایی ئەو ململانێیانەی کە هەردەم دەگەڕانەوە بۆ دۆخی یاساسەروەری پێشوو، ئەوەی جۆن لۆک ڕوانگەی خۆی لەسەر بەیانکردن. هاوکات شۆڕشی سیاسی لەپەیوەندیدا بە خۆ دووپاتکردنەوەی فۆرمە کۆنەکانی یاسا و دەستورەوە، وەک کردەیەکی (دووبارە و دووبارەکردنەوە) وێنادەکرا. لەبەرانبەردا نائارامی وسەرهەڵدانە کۆمەڵایەتییەکان هێندەی وەک یاخیگەری (rebellion) دەناسێنران، هێندە وەک شۆڕش نەدەبینران. لێ ئەم مۆدێلە لە مانا و واتاکردنەوەی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان، لەماوەی سەدەی هەژدەدا گۆڕانی بەسەردا هات. یەکێک لە بەرهەمە گرنگەکانی وڵاتی فەڕەنسا کە هێما بوو بۆ پێشکەوتوویی و پەرەسەندنی ڕۆشنگەرانەی زەینی مرۆڤ، بریتیبوو لە (ئینیسکلۆپیدیا)ی شکۆمەندی فەڕەنسی. ئەم ئینسکلۆپیدیایە لە بیست و دوو بەرگ و لەماوەی نێوان ساڵانی ١٧٥١ بۆ ١٧٧٧ بڵاوکرایەوە. ئەو فۆرمە لە "مێژووی عەقڵانیەتی بەڵگەدار" کە لەم ئینسکلۆپیدیایەدا خرابووەڕوو، کۆمەکێکی شایستەی بەگوتاری باوی سەدەی هەژدە لەمەڕ شۆڕش کرد. لەمیانەی ئەو وتارەی "لویس دۆ ژۆکۆر" لەهەمبەر شۆڕش کە لەم ئینسکلۆپیدیایەدا جێگیر کراوە، چەمکی شۆڕش بەم جۆرە واتا کراوەتەوە: "لە فەرهەنگی سیاسی-دا، شۆڕش بریتییە لەو گۆڕانکارییە بەرچاوەی کە لەیاسا و دەستوری حوکمڕانییدا ڕوودەدات". ئەم تێگەیشتنە بۆ خۆی بەرەنجامی هەڵسەنگاندنی شۆڕش و گۆڕانکارییەکانی وڵاتی بەریتانیا بوو. بە تێگەیشتنی دۆژۆکۆر و لەڕوانگەی ئەودا، ئەو گۆڕانکارییانەی لەدەستور و یاسا بنەڕەتییەکانی کایەی سیاسی-دا ڕوویاندا، پڕاوپڕ واتا گشتییەکانی چەمکی شۆڕشیان لەخۆدەگرت. بە باوەڕی لویس دۆژۆکۆر ئەو گریمانەیە ئێجگار دوورە لەواقیعەوە کە بشێت دەوڵەتێک هەبێت کەمتازۆر نەکەوتبێتە بەر شاڵاوی شۆڕش و گۆڕانکاری. نوسەر لەدرێژەی وتارەکەیدا دبێژێت: " بەریتانیای گەورە شۆڕشی زۆری بەخۆوە بینیووە. بەتایبەت ئینگلیزەکان چەمکی شۆڕشیان بۆ ئەو گۆڕانکاری و نائارامییانەی ساڵی ١٦٨٨ بەکار برد کە تێیدا ولیامی سێیەمی میری ئۆرنج لەجێگەی

چارلس جیمس ستیوارتی خەزوری لەسەر تەختی پادشایەتی ڕۆنیشت. بەوتەی لۆرد بالینبۆرک، کەمتەرخەمی و گرتنەبەری ڕێوشوێنی خراپ لەلایەن شا چارلس جەیمسەوە، زەرووەتی ڕوودانی شۆڕشی خستە ڕۆژەڤەوە و زەمینەی لەباری بۆ پراکتیزەبوونی شۆڕش ڕەخساند. لێ کەمتەرخەمی و گرتنەبەری ڕێوشوێنی خراپ لە حوکمڕانیدا و بەکارهێنانی ستەم لەلایەن شا چارلس جەیمسەوە لەگەڵ کەمتەرخەمی هەموو فەرمانڕەواکانی پێشووتردا، کێشەیەکی ڕیشەدار بوو. ڕیشەی ئەم کێشەیە دەگەڕایەوە بۆ دڵبەندیی کوێرانەی ئەوان بۆ پاپای گەورە و میر و شازادە ستەمکارەکان. ئەم دڵبەندییەش هۆکار بوو بۆ ئەوەی ئەوان گوێیەکیان لەبۆ بیستنی ئاگادارکردنەوەکان نەبێت. دواجار ئەم دڵبەندییە دوورخستنەوەی خانەدانی پاشایەتیی لێکەوتەوە، ئەم دوورخستنەوەیە بەدەستبەسەراگرتنی تەختی فەرمانڕەوایەتی لەلایەن چارلس کرامۆڵ دەستپێکرد، ئەم دەستدەستدرێژیەش بۆ سەر تەختی پادشایەتی بەهۆی شۆڕشێکەوە مەیسەر بوو کە پێشتر ڕوویدابوو، شۆڕشێک کە ناکرێت بڵێین خواستی ئازادیی تیا غایب بوو، لێ ئەوەی گرنگ بوو، ئەم شۆڕشە بێ بوونی هیچ بەڵگەیەکی دانپێدانراو، بە موبارەکەی ئاین سەرپێکەوت ". لەم لێکدانەوەیەدا جۆرە خۆ ڕاپسکاندنێک لە تەوقی جەبرییانەی خولانەوەی کات هەستپێدەکرێت. چونکە لەدیدی لویس دۆژۆکۆرەوە لانیکەم ڕووداوەکانی بەریتانیا لەساڵی ١٦٨٨دا بە دوورخستنەوەی یەکجارەکیی پادشایەتیی ڕەها و جێکەوتکردنی پادشایەتیی سنوردار کۆتاییهات.

لۆران دالێمپەر لەمیانەی وتارێکدا بەناوی "لەستایشی مۆنتیسکیۆ"، یاسای دەوەران و خولانەوەی ڕووداوە سیاسییەکانی لە ڕووبەری دەوڵەت-نەتەوەکانەوە بۆ ناو ڕووبەری ئیمپراتۆریەتەکان گواستەوە. دالێمپەر لە باسەکەیدا تایبەت بە "سیاسەتی عەقڵانی"ـی مۆنتیسکیۆ و لێکدانەوەی مێژووی چوارچێوەدار بەیاسای هۆکار، شکۆمەندی و لادان و کەوتنی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی، بەم جۆرە گرنگی ئەم یاسای دەورکردنەوەیەی دووپاتکردەوە: " ئیمپراتۆرییەتەکان، درووست وەک مرۆڤەکان، دەبێت گەشەبکەن و پیرببن و بمرن. لێ ئەم گۆڕانکاری و شۆڕشە بەگشتی هۆکاری شاراوەی خۆی هەیە و گەردو غوبار و تەمومژی زەمەن لەچاوانی ئێمەی دەشارێتەوە و هەندێکجار نهێنی و ڕازی ئەوەی لەڕووکەشدا بە بچوک و ناچیز دەردەکەون، چاوی هەندێک لە کەسانی هاوچەرخیش لەئاست دیتینیان کوێردەکات. لەم ڕووەوە هیچ شتێک هێندەی مێژووی کۆن لەمێژووی مۆدێرن ناچێت". دەیڤید هیوم، لە باس و خواسێکدا دەربارەی ئەوەی بۆچی سیستەمی پادشایەتیی ڕەها لەهەموو جۆرەکانی تری سیستەمی حوکم بە شیاوتر دەزانێت، دەنوسێت: "وا باوە دەبێت هەموو فەرمانڕەواییەک بگات بە هەلومەرجی سەرەو لێژبوونەوە و کەوتن، مەرگ بەهەمان ئەندازە کە بۆ جەستەی گیانداران شتێکی

حەتمییە، بۆ جەستە سیاسییەکانیش حەتمی و ناچارییە". لەسەر بنەمای ئەم لێکدانەوە و تەفسیرانە، جیهانی سیاسەت، کە لەهەناویدا شۆڕش و گۆڕانکارییەکان دەقەومان، جهانێکی سیستەماتیک و دووبارەبووەوە و ملکەچی بنەڕەتێکی یاسایی بوو، هەردەم لەسیاقی ڕووداوە سیاسییەکاندا هەست بە گەڕانەوە بۆ خاڵی دەستپێک و سەرلەنوێ تێهەڵچوونەوە دەکرا. شۆڕشی سیاسی بەمانا سرووشتگەراییەکەی، ئەو باوەڕەی پێشدەخست کە زەمەنی مێژووی لەڕووی چلۆنایەتییەوە فۆرمێکی هەمەکی و یونیفۆرمی هەیە و هەم بەناوخۆیدا داخراوە و هەم دۆخێکی دووبارەبوەوەیە کە بەردەوام خۆی دووپاتدەکاتەوە. لێ کۆنسێپتی شۆڕش، لە سیاقی مانایی سەروو پرەنسیپی مێژوویی خۆیدا، چوارچێوەیەک بوو هەموو جۆرە بابەتێکی سیاسیی تیا جێکەوت کرابوو. بەدرێژایی سەدەی هەژدە، دوو چەمکی "شۆڕش " و "شەڕی ناوخۆیی" دووانەیەک بوون نە بەتەواوی هاوواتای یەکدی بوون و نە بەتەواوی دژ-واتاش بوون. شەڕی ناوخۆیی هێما بوو بۆ ئەو زنجیرە ڕووداوە خوێناوییانەی لەمیانەیاندا و لەپاش بەلایەکداکەوتنی ململانییەکان، ناولێنان و نازناوبازیی یاسایی هەڵدەهێنجێنران. ئەم پرۆسیسی ناولێنان و نازناوە یاساییانەش لەپراکتیزەبوونیاندا ململانێی کۆنکرێتی و دژبەری بێ چارەسەریان بەباردەهێنا کە تێیدا هەر دژبەرێکی سیاسی هاوکات بە کەسێکی شۆڕشگێر و یاخی و لەیاسا دەرچوو هەژماردەکرا. شۆڕش کە لەسەرەتادا بە پرۆسەیەکی سەروومێژوویی و پەیوەست بە فاکتەرە سرووشتییەکان واتا دەکرا، هۆشیارانە و بەئاگاییەوە وەک میتافۆرێک بەکارهێنرا بۆ وەسفکردنی ڕووداوە سیاسییە درێژخایەنەکان یان بەتایبەت بۆ شیکاریی ڕووداوە کتوپڕ و لەناکاوەکان. بەم مانا و تێگەیشتنەوە، چەمکی شۆڕش بەشێوەیەکی سرووشتی، ڕەگەز و پێکهاتەی واتایی شەڕی ناوخۆی لەخۆدەگرت. شۆڕشی شکۆمەندی ساڵی ١٦٨٨ ئەوەی پیشاندایین چۆنچۆنی دەشێت سیستەمی پادشایەتی کە هەم سیستەمێکی خۆشویستراو نیە و هەم ناجەماوەرییشە، بەبێ خوێنڕشتن سەرنگونبکرێت و جێگەکەی بە سیستەمی پەرلەمانی پڕبکرێتەوە. ئەمە لەکاتێکدا جەنگە ناوخۆییەکانی پێش ئەم ڕووداوە، خوێناوی و پڕ لە توندوتیژی بوون. ڤۆڵتێر بە ئاوازێکی ستایشکارانەوە دەنوسێت: "شۆڕشێک لە بەریتانیای گەورە ڕوویدا. بەپێچەوانەی وڵاتانی تر کە تەنیا بینەری ئاژاوە و جەنگی خوێناوی و بێ بەرهەمی ناوخۆیی بوون". لەبەرئەمە و لەچەند لایەنێکەوە، جەنگی ناوخۆ هێما و ئاماژەیەکی کۆنکرێتی بوو بۆ خولانەوەیەکی پووچ بەدەوری خۆدا، کە شۆڕش لەم نێوەندەدا هەوڵێک بوو بەلەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییەی ماهیەتی شەڕی ناوخۆ، دەیویست چاخێکی نوێ سەرپێبخات.

دالێمپەر لەوتارێکدا بەناوی (ئیکسپریمێنتاڵ) لێکدانەوەیەکی فەلسەفیی بۆ پرۆسەی مێژوو دەخاتەڕوو. ئەو لەمیانەی ئەم لێکدانەوەیەدا چەمکی (نەوە - وەچە) لەسەنتەری باسەکەدا جێکەوتدەکات. لەم لێکدانەوەی دالێمپەردا، "شۆڕش"ی ڕیشەیی لەبواری زانستدا وا پیشان دراوە کە لەگرەوی دەستکەوتەکەی نیوتندایە لەبواری زانستی دا، نیوتن بەو دۆزینەوەیەی سیاقی خولانەوەی تێکشکاند و نەوەیەکی نوێی لەزانست بەبارهێنا. ئەم مۆدێلە لەتێگەیشتن بۆ چەمکی شۆڕش لای دالێمپەر، هێما و ئاماژە بوو بۆ پرۆسەی فۆرمەلەبوون و شێوەوەرگرتنی نەوەکان بەدوای یەکدا، بەجۆرێک کە هەر نەوەیەک لەسەربنەمای داهێنان یان ڕووداوە نوێیەکانی پێش خۆی شێوە و فۆرم بەخۆوە دەگرێت. ئەم تێگەیشتنەی دالێمپەر لەمەڕ شۆڕش لە دژبەرییەکی ئاشکرادا بوو لەگەڵ تێگەیشتنی پێشووتری ئەو لەچوارچێوەی ئەو وتارەی کە لەبارەی شۆڕش نوسیبووی. لەسیاقی وتارەکەی پێشوویدا، مانای شۆڕش لەسەربنەمای تیۆری کلاسیکی ئەندازیاری و ئەستێرەناسی لێکدرابوویەوە، بەجۆرێک شۆڕش وەک: "جووڵەیەکی شێوە بازنەیی فلات و گرامافۆنئاسا کە بەدەوری خاڵێکی جێگیردا دەخولێتەوە بەمانا هەندەسییەکەی و وەک جووڵەی هەسارە یان ئەستێرەیەکی کلکدار لە خولگەکەیدا بەمانا ئەستێرەناسییەکەی" شیکاری بۆ کرابوو، ئەمەش واتە "بەرەوپێشقەچوونی هەنگاو بەهەنگاوی شۆڕش ئەو دەمەی خاڵی دەستپێک جێدەهێڵێت و داخڵبوونی بە مەجرای خولانەوەی بازنەیی تا دەگاتەوە بەهەمان خاڵی دەستپێک". لێ، لەم وتارەی دواتریدا دالێمپەر دەیویست بڵێت ئەودەم کە بنەوان و بنچینەی شۆڕشێک دادەڕێژرێت، وەچە و نەوەی دواتر هەردەم لەسەر ئەم بنەوان و بنچینەیە دەڕۆن و پرۆسەکە کامڵدەکەن. ئەمەش واتا چەمکی نەوە یان وەچە، دەبێتە ئەو هێزەی کە بە کاریگەریی ڕووداوە نوێیەکان بارگاوییە و ناخوازێت بۆ خاڵی سفر بگەڕێتەوە و ڕووەوە قەڵەمباز ملدەنێت. لەم سیاقەوە، شۆڕشی فەڕەنسا لەساڵی ١٧٨٩ وەک ئەکت و کردەی ئەفراندنی نەوەی ئاینده وابوو. لێرەوە شۆڕش بەرەو چەمک و واتای مۆدێرنی خۆی وەرچەرخا. لەپاش شۆڕشی ساڵی ١٧٨٩ چەمکی شۆڕش بەیەکجاری لە سەرچاوە سرووشتگەراکەی خۆی داپرا و وەک چەمکێک ئەرکی ئەوەی لێ بارکرا کە لەمیانەیەوە ئەو ئەزموونە گەورە و چارەنووسسازانە تەفسیر و ڕێکبخرێت کە لە سیاقی مێژوودا دووبارەدەبنەوە. بەم جۆرە شۆڕشی فەڕەنسا مانایەکی ترانسێندێنتاڵی بەخۆوەگرت و بووبە یەکێک لە بنەڕەتەکانی ڕێکخستنی ئەو مەعریفە و کردە مرۆییانەی کە لە سیاقی مەجرای شۆڕشدا جێکەوت دەبن. لەم چرکەساتە مێژووییە بەدواوە، پرۆسەی شۆڕش هاوکات بوو لەگەڵ جۆرە ئاگامەندییەکی دیاریکراو. ئاگامەندییەک لەلایەکەوە پەیوەست بوو بە شۆڕشەوە و لەلایەکی ترەوە هەم کاریگەری بەسەر شۆرشەوە هەبوو هەم لەژێر کارتێکەری شۆڕشدا بوو. لێرە بەدواوە، هەموو خەسڵەت و

تایبەتمەندییە سەروو-مێژووییەکانی چەمکی مۆدێرنی شۆڕش، لەم پاشخانەوە هێزی مانا و واتاییان وەردەگرت. شۆڕشی ١٧٨٩ی فەڕەنسا، بەرگریی لەبنەمای "ئازادی"ـی کرد بەو ئومێدەی جیهان بەئاراستەی ڕۆشنگەری بگۆڕێت و بەئومێدی ئەوەی بەخستنەڕووی ژێرخانی نوێ، هەموو ستراکتۆرە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان هەڵتەکێنێت. ئەم شۆڕشە، کۆنگرەی گەل و دەزگای مەدەنی و سیاسیی نوێی ئاواکرد، بەو هیوایەی بتوانێت "نەتەوەی تازە" لەسەر بنەمای ئەم فۆرمە نوێیانەی سیستەمی حوکمڕانی بنیات بنێت. لەم میانەیدا ئایدیاکانی وەک ئازادی و بەرابەری و مافی تاکەکەس، هەردەم بابەتی گەرم و جێگا مشتومڕ بوون. میرابۆ، رۆبسپێر و مارکیوس دی (Marquis de Condorcet - کۆندێرسە) دەستپێشخەرییان کرد و دەرگایان لەسەر مشتومڕ لەبارەی بنەماکانی دەستوری نوێ خستە سەرپشت. ئەوان لەوەدا بوونە پێشەنگ کە پرەنسیپە گەردوونییەکانی وەک "جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و مافی هاوڵاتیان"یان بە پرسی ئازادی جولەکەکان و ڕزگارکردنی کۆیلەکانەوە گرێدا. گەلی فەڕەنسا بەهۆی ئەم بنەما گەردوونییانەوە، بووە مینای ڕێنیشاندەری زەریای هێمن لەبۆ گەلانی تر. میرابۆ، لەبڵاوکراوەکەی خۆیدا، (کۆریە دی پرڤانس)، لەساڵی ١٧٩٢ ئەوەی ڕاگەیاند کە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ، کە بنەمای دەستوری ئایندە پێکدێنێت، وەکچۆن لەفەڕەنسا کارپێدەکرێت، بەهەمان شێوە لەداگیرگە و کۆڵۆنیاڵەکانیشدا کارا دەبێت: " پاش ئەوەی کۆنگرەی گەل بنەماکانی دەستوری نوێی بەتەواوی ڕاگەیاند، دادگەرانەترین و شەرعیترین پەیام و لێکەوتەکانی ئەم دەستورە پشتگوێناخات. وتەی کۆنگرەی گەل ئەوەیە؛ چی لەفەڕەنسا بێت یاخۆ لەوڵاتانی ملکەچ بۆ یاساکانی فەڕەنسا، هیچ مرۆڤێک وەک کۆیلە چیتر بوونی نامێنێت و مرۆڤەکان ئازاد و بەرابەر دەبن". ڕۆبسپێر لەدەی ئایاری ١٧٩٣ و لەمیانەی یەکێک لەوتارە بەناوبانگەکانی لەبارەی شۆڕش، ڕایگەیاند: "مرۆڤەکان بەئازادی و بەختەوەرییەوە لەدایکدەبن، لێ لەهەموو شوێنێک دەکرێن بەکۆیلە و بەختەوەرییان لێ زەوتدەکرێت. لەکاتێکدا ئامانجی کۆمەڵگا پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و دەستبەرکردنی مافی تەعبیرلەخۆکردنە بەکامڵترین شێواز، لێ کۆمەڵگاکان مرۆڤ دەچەوسێننەوە ستەمی لێدەکەن. کاتی ئەوە هاتووە هەریەک لەئێمە ددان بە پێگە و مەکانەتی ڕاستەقینەی مرۆڤ-دا بنێین. پێشکەوتنی عەقڵی مرۆڤ زەمینەی بۆ ڕوودانی ئەم شۆڕشە گەورەیە ڕەخساند، ئێستا ئەرکی ئەوەی گڕوتین بەم شۆڕشە بدرێت لەئەستۆی ئێوەدایە".

مانگێک دواتر مارکیوس دی کۆندێرسە لەمیانەی وتارێکدا کە لە ئەنجومەنی یاسادانان پێشکەشیکرد، پەیامێکی هاوشێوەی خستەڕوو: "وشەی شۆڕش تەنیا دەدرێتەپاڵ ئەو جووڵانەوانەی ئازادیی مرۆڤ وەک ئامانج دەبینن. یاسای شۆڕش دەبێت پاراستنی ئەم

شۆڕشە و خێراکردنەوە یان ڕێکخستنی ئاراستەی جووڵەکەی بکات بە ئامانج". لەسیاقی ئەم ئارگۆمێنتانەدا، ئایدیای ئازادی و ڕۆڵی مرۆڤ لەوەی زەمینە بۆ خێرایی جێبەجێبوونی ئایدیای ئازادی پەرەخسێنێت، جێکەوت کران و شۆڕش وەک دەستپێکێکی نوێ پیشاندرا. لەڕوانگەی رۆبسپێر و کۆندێرسەوە، خێرایی و تینوتاو بەخشین بە زەمەنی مێژوویی، بەشێک بوو لەئەرکی سەرشانی ئەو مرۆڤەی چاوی لەسەر سەردەمێکی لێوانلێو لەئازادی و بەختەوەرییە، چاخی زێڕین. پێداگری رۆبسپێر و کۆندێرسە لەسەر پێویستی خێراییبەخشین بە جووڵەی شۆڕشی فەڕەنسا لەپێناو هەرچی زووتر بەدیهاتنی ئازادی -دا، خۆی لەخۆیدا هێما بوو بۆ بەسیکۆلاربوونی بەڵێن و خەونەکان. لەڕوانگەی نوسینەوەی مێژووەوە هەنووکە ئێمە بەو جێگایە گەیشتووین کە دەتوانین مێژووی ڕۆژئاوا لە قاڵبی سێ گوتاردا قۆناغبەندی بکەین؛ قۆناغی کۆن و ناڤین و مۆدێرن. شۆڕشی فەڕەنسای ساڵی ١٧٨٩ دەستپێکی قۆناغ و سەردەمی مۆدێرن بوو. هاوکات بانگەوازێک بوو لەبۆ سێ بنەمای گرنگ کە بریتیبوون لە ئیرادەی عەقڵانی و ئازادی مرۆڤ و تەعبیر کردن لە خۆ. شۆڕشی فەڕەنسا نمایەک بوو لە هوشیاری سەردەمێک کە لەپەیوەندیدا بە جیهانی کۆن خۆی بەرهەمهێنا و لەمیانەی ڕوانینێکی ڕەخنەییەوە بۆ جیهانی ڕابردوو هەوڵی هێنانەدیی شوناسی خۆی دەدا و لێرەوە ئەم سەردەمە بووە قۆناغی پەڕینەوە لە کۆنەوە بۆ نوێ. شۆڕشگێڕان بە هۆشیاری و ئاگاییەکی داپڕاو لە جیهانبینی کۆن و لە ڕابردوو، لەڕێگەی جاڕنامەکانی پەیوەست بە مافی مرۆڤ و بەیاننامەکانی تایبەت بە بنەماکانی یاسای چاکسازی، فۆرمی نوێیان لەبۆ بەیانکردنی بیروباوەڕی خۆیان داهێنا. لێرە بەدواوە، تێپەڕین لە کۆنەوە بۆ نوێ، لە شۆڕشی سیاسییەوە بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی، هێما و ئاماژەیە بۆ مانای مۆدێرنی شۆڕش. ئەم بیرۆکەیەی کە گوایە دەبێت ئامانجی کۆتایی شۆڕشێکی سیاسی بریتیبێت لە ڕەخساندنی ئازادی لەبۆ ڕەگەزی مرۆیی و لەمەشەوە بپەڕێتەوە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا، لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەدا بیرۆکەیەکی نوێ بوو. هەر ئەوەندەی کە جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتیان، لەماوەی ساڵانی ١٧٨٩ بۆ ١٧٩٣، لەگەڵ خەون و هیوای ڕادیکاڵیستانەی شۆڕشی فەڕەنسا لەبۆ هەڵتەکاندنی هەموو فۆرمەکانی کۆیلایەتی و چەوسانەوەی مرۆڤ یەکیگرتەوە، ئیتر زۆرترینی ئەو چاکسازییانەی پەیوەست بوون بە بواری یاسادانانەوە، لەژێر تایتڵی ئازادی یان یەکسانی یاخۆ هەردووکیان پێکەوە، زەمینەی جێبەجێبوونیان بۆ ڕەخسا. لەم ڕەهەندەوە، شۆڕش مەحکوم بوو بەوەی لەڕووی شوێنەوە فۆرمێکی جیهانی بەخۆی ببەخشێت و لەڕووی کاتیشەوە بەردەوامی بەخۆی بدات، تاوەکو ئامانجی شۆڕش دەستەبەر ببێت. ڕۆبسپێر دەنوسێت: " سرووشت پێمان دەڵێت مرۆڤ لەپێناو ئازادیدا لەدایکدەبێت. لێ ئەزموونی

سەردەم و سەدەکانی زوو پێمان دەڵێن مرۆڤ کۆیلەیە. مافەکانی ئەو وەک مرۆڤێک لەدڵیدا هەڵکۆڵراوە و سوکایەتی و چەوسانەوەشی لەمێژوودا نوسراوە.... جیهان گۆڕدراوە، دەبێت لەمە زیاتریش بگۆڕدرێت. هەموو شتێک لە نەزمی ماتڕیاڵدا گۆڕدراوە، دەبێت لەقاڵبی سیستەمی ئەخلاقی و یاساییشدا هەموو شتێک بگۆڕدرێت. شۆڕشی جیهانی نیوەی بەئەنجام گەیشتووە، دەبێت نیوەکەی تریشی بەئەنجام بگات". مەغزا و کاکڵەی ئەم بنەمایەی ڕۆبسپێر ئاماژەی بۆ کرد، زەمینەی ڕەخساند تاوەکو دەوڵەتی شۆڕش ڕایبگەیەنێت: " شۆڕش، بریتییە لە جەنگ لەپێناو ئازادی-دا دژبە نەیارانی ئازادی". ئەم ڕستەیە هێما بوو بە پابەندبوونی شۆڕش بە ماهییەتی گەردوونی و ڕەوایەتیی جیهانگیرییانەی خۆی و بەردەوامیدان بە خۆی، کە کۆی ئەمانە لەسەر بنەمای ئایدیای ئازادی وەستابوو. شۆڕشێک کە ئازادی مرۆڤەکانی کردووە بەئامانج و بانگەوازی دەستپێکی چاخێکی نوێ دەکات کە مرۆڤی نوێ و تاکی نوێ لەخۆ دەگرێت. ئەم ئایدیا مۆدێرنەی ئازادی، سەرەتای میراتێکی نوێ بوو لەبۆ چەمکی شۆڕش.

**پەراوێزەکان**:

(*)زنجیرە جەنگێکی خوێناوی ناوخۆیی بوو لەنێوان پەڕلەمانخوازەکان و هەوادارانی شا چارلس جیمسی یەکەم ڕوویدا و لەساڵی ١٦٤٢ تا ١٦٥١ی خایاند. لەم ماوەیەدا لەنێوان پەڕلەمانخوازەکان و پاشایەتیخوازکاندا چەندین پێکداکێشان و پیلانگێڕی ڕوویاندا و دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بەریتانیا تووشی بارگۆڕان و پەرتەوازەیی هات. هۆکاری سەرەکی بۆ هەڵگیرسانی ئەم جەنگە ناوخۆییانە، ستەم و زیادەڕەویی شا چارلسی یەکەم بوو. لەئەنجامدا پەرلەمانخوازەکان و سوپا لە شا هەڵگەرانەوە و جەنگ ڕوویدا، پەڕلەمانخوازەکان لە جەنگی مارستن مۆر لەساڵی ١٦٤٤ و لەجەنگی نیزبی لەساڵی ١٦٤٥ لایەنگرانی پادشایەتییان تێکشکاند و پادشا بەدیل کەوتە دەست هەوادارانی پەرلەمان. یەکێک لەسەرکردە سەربازییەکان بەناوی (پرۆید) لەمیانەی ئەم ململانێیەدا تەواوی هەوادارانی پادشای لەپەڕلەمان پاکتاوکرد و خودی پادشا چارلسی یەکەمی لەپاش دووسال مانەوە لەزیندان، بردە بەردەم دادگا و پاش ئەوەی پادشا بەوە ڕازی نەبوو دەسەڵاتەکانی سنوردار بکرێت، لەساڵی ١٦٤٩ سزای لەداردانی بەسەرا جێبەجێ کرا. بەم جۆرە بۆماوەیەک دەسەڵات کەوتە دەست پەڕلەمان، تاوەکو ئۆلیڤەر کرۆمێڵ کە

سەرکردەیەکی سیاسی و سەربازی بوو، ئەم پەرلەمانەی هەڵوەشاندەوە و دەسەڵاتی گرتە دەست. کرۆمێڵ لەساڵی ١٦٥٣ سیستەمی پادشایەتی هەڵوەشاندەوە و خۆی بووبە یەکەمین و دواهەمین سەرەک کۆماری بەریتانیای گەورە. بەڵام ئەم کارەی ئۆلیڤەر کرۆمێڵ لەلایەن ئەنجومەنی پیاوماقوڵانەوە دژایەتی کرا. بۆیە کرۆمێڵ ئەم ئەنجومەنەی داخست و لەسەر دەرگاکەی نوسی: بۆ کرێ..... لەڕاستیدا سیستەمە کۆمارییەکەی کرۆمێڵ جۆرە دیکتاتۆرییەکی سەرسەختانە بوو. ئۆلیڤەر کرۆمێڵ لەساڵی ١٦٥٩ کۆچی دوای دەکات و بۆ ماوەیەک ڕیچارد کرۆمێڵ کوڕی دەسەڵات دەگرێتە دەست. لێ لەپاش هەشت مانگ بەهۆی فشارەوە ریچارد کرۆمێڵ ناچار هەڵدێت و هەوادارانی پادشایەتی، چارلسی دووەمی کوڕی چارلسی یەکەمی کوڕی شا جیمزی سەر بە خانەدانی ستیوارتییەکان دێننەوە سەر تەختی پادشایەتی و سەرلەنوێ سیستەمی پادشایەتی جێکەوتدەبێت. گەڕانەوەی شا چارلسی دووەم لەساڵی ١٦٦٠دا بوو. لەم ساڵەدا چەمکی **شۆڕش** کەوتە ناو کایەی سیاسەتەوە. لەبنەڕەتدا ئەم چەمکە بۆ وەسفکردنی گەڕانەوەی پادشایەتی و هاتنەوە سەرتەختی خانەدانی ستیوراتییەکان بەکاربرا. ئەودەم هێندە چەمکی **شۆڕش** بەواتای گەڕانەوە و دووبارە هاتنەوە و دەرکەوتنەوە بەکار دەبرا، هێندە بەواتا مۆدێرنەکەی بەکار نەدەبرا.

(*)**شۆڕشی شکۆمەند**: دوابەدوای ڕووداوەکانی ساڵی ١٦٦٠ و هاتنەوەی شا چارلسی دووەم، کە چەمکی **شۆڕش** بووبە باو و هەمووان بەمانای گەڕانەوە و هاتنەوە بەکاریان دەبرد، دووبارە کێشمەکێش لەسەر پرسی سنوردارکردنی دەسڵاتی پادشایەتی سەریهەڵدایەوە و تا ساڵی ١٦٨٨ی خایاند. سەرئەنجام لەساڵی ١٦٨٨دا، شازادە ولیامی سێیەمی مێردی ماری خوشکی شا چارلسی دووەم هەلەکەی قۆستەوە و تەختی پادشایەتیی لە چنگی خەزووری دەرهێنا. لەبەرئەوەی ئەم ئاڵوگۆڕە بەبێ خوێنڕشتن ڕوویدا، بۆیە ناوی **شۆڕشی شکۆمەند**یان بەسەردا بڕی.